# هاوڵاتییەکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی بەردوومانەکانی تورکیا گیانی لەدەستدا



بەریڤان زوبەر ئیسماعیل، هاوڵاتی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی بەردوومانەکانی ئەمڕۆی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان گیانی لەدەستدا.

بەریڤان کارمەندی چاپخانەیک بوو لە شاری قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمڕۆ دووشەممە لەکاتی کارکردنیدا و لە ئەنجامی بەردوومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر شوێنی کارەکەی گیانی لەدەستدا.

ئەمەش لە کاتێکدا بۆ سێیەمین ڕۆژ، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ چەی ڕۆژئاوای کوردستان بەردوومان کرد کە چەندین زیانی جۆراوجۆر بە خەڵکی سڤیل و ژێرخانی ئابووری دا.